# چەند فەرمووده‌یەكی پێغەمبەر (ρ) دەربارەی ( بیروباوەڕ و شوێن كەوتن )

( فەرمووده‌ی پێنجەم و شەشەم )

## نوسینی


زانای پایەبەرز شێخ ( ربیع بن هادي المدخلي ) خوای گەورە بیپارێزێت

وەرگێڕانی : یحیی ستار شێخانی



لە بڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی ئاشتی

www.ashtyk.com

ژمارە( ٢٢ )


**الحمدالله والصلاة والسلام على رسول الله وبعد :**

## فەرمووده‌ی پێنجەم و شەشەم

## ترسناكی پاڕانەوە لە غەیری خوای گەورە

عن ابن مسعود – رضي الله عنه – أن رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قال : « مَنْ مَاتَ وَهْوَ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ نِدًّا دَخَلَ النَّارَ ». (رواه البخاري(٤٤٩٧)).

وعن جابر – رضي الله عنه – : « مَنْ لَقِيَ اللَّهَ لا يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ ، وَمَنْ لَقِيَهُ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا دَخَلَ النَّارَ». (رواه مسلم (١٥١-١٥٢) ).

**واتە :** (عەبدوڵڵای كوڕی مەسعود) دەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (**صلى الله عليه وسلم**) فەرموویەتی: (هەر كەسێك بمرێت و بە هەر شێوازێك بپاڕێتەوە لە غەیری خوای گەورە، ئەوە دەچێتە دۆزەخەوە.

هەروەها جابر (ڕەزای خوای لێ بێت) دەیگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا (**صلى الله عليه وسلم**) فەرموویەتی: (هەركەسێك بگاتە لای خوای گەورە و بە هێچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ ئەنجام نەدابێت ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە، وە هەركەسێكیش بگاتە لای خوای گەورە و هاوبەشی بۆ ئەنجام بدات ئەوە دەچێتە دۆزەخە.

### واتای فەرمووده‌كەی ( ابن مسعود ) بە كورتی :

ئەم فەرمووده‌یە ئەوەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە، كە پاڕانەوە پلەیەكی بڵندی هەیە و گەورەترین پەرستنە و گەورەترین حەقی خوای گەورەیە، هەركەسێكیش بۆ غەیری



هەروەها هاوشێوە و هاوێنەی بۆ خوای گەورە ئەنجام داوە لە خوایەتید و لە حەقی پەرستندا .

ئەوەی باسمان كرد یاخی بوونە لە خوای گەورە و ڕكە بەرایەتییە و بەر پەرچدانەوە و بە درۆزانینی پێغەمبەرەكانی، چونكە ئەوان بانگەشە و نامەكانیان بە گشتی كۆكن لە سەر واجیب و پێویست بوونی تایبەت كردنی هەموو جۆرە بەندایەتیەك بۆ خوای گەورە لە پاڕانەوە چونكە پێغەمبەری خوا (**صلى الله عليه وسلم**) فەرمووی: ((الدعاء هو العبادة))

واتە: پاڕانەوە پەرستنە، خوای گەورەش دەفەرموێت:يَخْدَعُونَ ٱدْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٥٥﴾وَمَا (الأعراف: ٥٥). **واتە:** لە پەروەردگارتان بلاڵێنەوە بە سەركزیی و بە پەنامەكی بە ڕاستی خوای گەورە دەسدرێژكاران و لە سنوور دەرچوانی خۆش ناوێت.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: يَخْدَعُونَ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ وَمَا (غافر: ٦٠) **واتە:** پەروەردگارتان فەرمووی: داوا لە من بكەن و لە من بپاڕێنەوە، منیش وەڵامتان دەدەمەوە، بە ڕاستی خودا لە سنوور دەرچووانی خۆش ناوێت

**واتە:** مەپاڕێرەوە جگە لە خوای گەورە لەوانەی كە نە سوود و نە زیانیان بۆت هەیە، ئەگەر ئەنجامتدا و پاڕایتەوە ئەوە ئەبیت بە یەكێك لە هاوبەش پەیدا كەران ستەمكارانە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:يَخْدَعُونَ فَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَكُونَ مِنَ ٱلْمُعَذَّبِينَ ﴿٢١٣﴾ وَمَا (الشعراء: ٢١٣).